# چوار کەرتبوونی شەوێک

## هەندرێن، کەژاڵ، راوێژ، ئەسیر



ئەو
پێکێک ئەخواتەوە
سۆفیەکانی پەرستگای روحی من سەرخۆش دەکات
پێکێک ئەخواتەوە
پەپولەی چاوەکانی لەسەر ووشەکانم ئەنیشنەوە
رەنگە من بم
لە حەیزەرانی باخچە دابڕاوەکانی چرا
کە ئاسمان دەیبەخشێتە بەشێک لە مەستی زەوی
رەنگە من بم
لە بالکۆنی ئارەزووی پێکەکەوە
دەڕوانمە پەنجەرەی
ئەو دیو تێڕامان
ئەو پێکێک ئەخواتەوە
مەودای نێوان حەیزەرانی باخچە دابڕاوەکانی چرا
تروسکایی مەستی سۆفیەکانی پەرستگای روح
دواهەمین جگەرەی ئەم شەو دائەگیرسێنێ و
بە مەسیجێ
سەرخۆشی ئەم پێکەی ئێستا
ئەخواتەوە
ئەو
تۆ و من
بۆ تێڕامانی ئەو دیو مەنفا ئەباتەوە
ئەمن هیچ نانووسم مەعیدەم پڕە
نزیکبە لێم
نزیکبە لێم
با ساردی لەشم گەرمت بکاتەوە
نزیکبە لێم
با ئەم دڵە گەرمەم سارد بکاتەوە
پێکی دووەم ئەخواتەوە
بەناو مندا بڵاو ئەبێت
بڵاوی من بە ناوخۆیدا ئەگیرسێنێ
گیرسانێکە لە نەسیمی ئەم شەو ئەکات
ئەم شەو
شەوی مەزە نیە

که ئۆزۆ بەناو مندا پیاسە ئەکات
لە بەلەکۆنی ژوورەوە
حەز لە رامانی ئاوابوون ئەکات
لەسەر مێزی خەیالی نەورەس
گلاسی روحم
سەما لەنێو ژوورەکانی ئاو ئەکات
لەژێر باڵی باران
خۆی تەڕبوونی ئاو ئەپارێزێ
رەنگە من بم
لەسەر ئۆتۆبانی پێکەوە
سەفەر بۆ جەنگەڵستانی دوکەڵ بکەم
رەنگە من بم
بە گۆرانی حوزنەوە
ئاواز بۆ شێتی مردن بڵێم
رەنگە منیش نەبم
کە هەناسە نەبەخشمە ئاوێتەبوون
پێکەکە و من ئەخواتەوە
مەستم ئەکات
کاتێک کە من ئەیخۆمەوە
لە مەستی بەدەرم ئەکات و
رێگا لە مەستی باران و ئەم شەو ئەگرێت
کە دەمێکە باڵندەکان لەو دیو مەستی
بەرەو گەرمیانی کەناری دڵۆپە بارانێ ئەفڕن
مەست بوونی
کۆچی کاروانی روحمە
بەناو خۆیدا پەرش و بڵاو ئەکاتەوە
پێکی سێیەم ئەخواتەوە
خەونەکانی لە ژێر مێزدا سەما ئەکەن
هەر من لێرە حەزەکانی ئەو ئەبینم
ئەو نازانێ
نازانێ نا
زمانی من کارەساتە
خلیسکانە
مەمکەکانت زۆر لوسترن لە فرمێسکی چاوەکانت
بمخلیسکێنە
شوێنێک هەیە بە لێوانم خۆمی تیابگرمەوە
گرتنەوەی من ئێوارەیە
ئێواران پێکی چوارەم ئەخواتەوە

مەپرسە من لەگەڵ چیدا بوو هاتم
من لەگەڵ هەور و باران و خەون بوو هاتم
مەپرسە من چیم دیت
کە سەبروکانە
پیاسەیەکی بەلەزەتم لەنێو کۆڵانی
جەستەکاندا کرد
مەپرسە
چۆن بارانەکانی ناوقەدم
بەسەر کێڵگە پێچاوپێچەکانی ئەودا بارا
مەپرسە
چونکە نازانم
پەنجە تێنوەکانم
چۆن
ووشە وشکەلانی سەر جەستەی ئەنووسیەوە
رەنگە من بم
لە پەرتبوونی ئاوێتە بوون بترسێم
رەنگە من بووبم
لە سەما بوونی خوناوی مووی پیتەکانم
رۆمانسیەتی کورسی ئەبینم
مەپرسە چۆن
ئاگری نێو تەرزەی دوکەڵ
لە دوایین پێک
ئەمخواتەوە
گەردی تۆزی هەوری خەیاڵ
بە دەسماڵێکی ئاوریشمی ئەسڕێتەوە
تۆفانێکی بێئامانە
لە سەرابی بیاباندا
بارانی لم دامئەپۆشێ
مەپرسە چۆن
پشکۆی ئاگر گەر بباریێ
جوانم ئەکات
نامسوتێنێ
تێنوێتی باران بۆ مەستی ئەخواتەوە
دوو پێی بێ باڵ
لە مەملەکەتی بەردەوە
بۆ ناو کۆشکی بارانی خۆر
بەبێ پاسەپۆڕت
لەسەر عەرشی شاژنی خۆر

تاجی مرواری و مەرجانی ژنی دەریام پێدەبەخشێ و
فێرم ئەکات لێت نەپرسم
پێکی پێنجەم ئەخواتەوە
حەلقەی ناوکی ئەخاتە پەنجەکانم
من ئەترسم
حەزەکانم ئەشارمەوە
ئەو ئەترسێ
ووشەکانم ئەشارێتەوە
لە داهاتوو دەیڕێژیەوە
ووشەکانت ناشێردرێتەوە
پێکەکان ئەلقەی بیر پەرت ئەکەن
مەیشارەوە
ئەوەی لە هەناسەتدا دەتخواتەوە
شەڕی لێوەکانە
بۆ رەها بوون
نەخواردنەوەی دوا پێک
بە پێویست بوونی گومانە
لە ئازاد بوونی ووشەکان
مەترسە برادەر
وا من لەناو دوا پێکی خەمدا دەتخۆمەوە
ئەوەی لە ترسی تۆدا بەجێما
تەڕ نەبوونی ماسی بوو
ئەوەی لە شاردنەوەی ترسدا هاتەدەر
تەسک بوونی گەردون و
بە فەزا بوونی ئەلقەی تێڕوانین بوو
لە بەهەڵم بوونی ترسدا
خوناو لەترسی رژانی
بوو بە هەڵم
دەنگە بەرزەکان تەنیا بۆ کارەسات نەبوو
روحە دوورەکانیش
جەستەی ئاوریشمیان دەوێت
هاوڕێم
ئازادیم لەناو ترسی خودا وێڵبکە
تا دوا هەناسەم
لەناو راموسانی تۆدا
بێترس بێت

سەرەتای مانگی ٧ی ٢٠٠٧